نوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵ بیست وحەوت هێندەی پاداشتی نوێژکردنی یەکێکتانە بە تەنها

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵ (بە جەماعەت) بیست وحەوت هێندەی پاداشتی نوێژکردنی یەکێکتانە بە تەنها».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە فەزڵی ئەنجامدانی نوێژی فەرز بە جەماعەت ڕوونەدەکاتەوە بە بەراورد لەگەڵ نوێژکردنی فەرز بە تەنها، چونکە نوێژکردن بە جەماعەت سوود وبەرژەوەندی زۆری تێدایە وپاداشت وفەزڵەکەی بیست وحەوت هێندەی نوێژکردنە بە تەنها؛ چونکە جیاوازیەکی زۆریان تێدایە لە جێبەجێکردنی مەبەست وبەرژەوەندییەکان، وبێگومان هەرکەسێک ئەم قازانجە مەزنە لە دەستی خۆی بدات ئەوا بێبەش ودۆڕاوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3441